هەواڵی ڕۆژنامەوانی
دەرچوو: 2018/9/13

# دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ و سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری دانیشتوان راپۆرتی ڕووپێوی دیمۆگرافی لە هەرێمی کوردستانی عێراق رادەگەیەن

رووپێوی دیموگرافی لە هەرێمی کوردستان/عێراق زانیاریی گشتگیر لەبارەی دۆخی ئێستای دیموگرافیای دانیشتوان، کارکەری، داهات، خاوەندارێتیی خانوو، کەرستەی ناوماڵ، خوێندەواری و ئاستی خوێندن دەخاتە بەردەست.

ئەم رووپێوە کۆمەڵایەتی-دیموگرافییە یەکێك لە گەورەترین کارە ئامارییەکانە کە لە 1987 بەدواوە ئەنجام دەدرێت، زانیاریی لەبارەی 12,699 خێزان کۆ کردۆتەوە کە خێزانە نیشتەجێبووە هەمیشەییەکان و ئاوارەکانی هەر سێ پارێزگای دهۆك، هەولێر و سلێمانیی گرتۆتە خۆی.

ئەم رووپێوە لە کاتێکی گونجاودا بووە، کە وڵات لە دەرچوون بووە لە رووبەڕووبوونەوە و ئاستەنگە ئابورییەکان؛ لە کاتێکدا بەشێکی بەرچاوی خێزانە ئاوارەکان گەڕاونەتەوە یاخود بەنیازی گەڕانەوەن بۆ شوێنی خۆیان. شەڕی دژی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) لە ساڵانی 2014-2017 کاریگەرییەکی قووڵی هەبوو لەسەر هەرێمی کوردستانی عێراق: هەر لە سەرەتای قەیرانەکەوە هەرێمی کوردستان پەناگەی بۆ زیاتر لە یەك ملیۆن ئاوارەی عێراقی دەستەبەر کرد و بە شێوەیەکی بەردەوام مێوانداریی 800,000 ئاوارەی ناوخۆیی کردووە.

دکتۆر عەلی سندی، وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وتی: "زانیارییەکانی ئەم رووپێوە بناغەیەکیان بۆ کارە ئامارییەکانی داهاتوو داناوە، و هاوکاریی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن بۆ پلاندانانی باشتر و دابەشکردنی سەرچاوەکان بە شێوەیەی رێکتر."

بەڕێز جیرارد وایت، سەرۆکی نێردەی ڕێکخراوی نێودەولەتیی کۆچ، دەڵێت: "ئەم رووپێوە هەوڵێکی هاوبەشی راستەقینەیە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان و هیواداریین پشکی هەبێت لە دەستنیشانکردنی پێویستییەکانی زۆربەی خێزانە ناسەقامگیرەکان لەم قۆناغەی دوای قەیراندا."

هەروەها بەڕێز راماناتان بالاکریشنان، نوێنەری سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان لە عێراق، وتی: "ئەم رووپێوە دیموگرافییە پێویستییەکانی تازەکردنەوەی ئامارەکانی دانیشتوان و کۆمەڵایەتی-ئابوری دەستەبەر دەکات و هەروەها وەکو نەخشەڕێگایەك بۆ داهاتوو، پێشخستنی سیاسەتەکان و پلاندانان خزمەت بە حکومەتی هەرێمی کوردستان و هاوبەشەکان دەکات."

ئەم رووپێوە بە هاوکاریی نێوان دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) کە بەشێکە لە وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان؛ ئاژانسی کۆچی نەتەوە یەکگرتووەکان (IOM) و سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان (UNFPA) ئەنجامدرا. داتاکان لە نێوان تشرینی یەکەم و دووەمی 2017 دا کۆ کراونەتەوە.

نووسینگەی دانیشتوان، پەنابەران و ئاوارەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و هەروەها سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان پاڵپشتیی بلاوکردنەوەی ئەم راپۆرتەیان کردووە.

## دەرکەوتە سەرەکییەکان و ئامارەکان:

- 87% ی خێزانەکان داهاتی مانگانەیان کەمترە لە 1,000,000 دیناری عێراقی (کە دەکاتە نزیکەی 850 دۆلاری ئەمریکی).
- زیاتر لە 20% ی گەنجان (لە تەمەنی 18-34 ساڵ) کە کاریان نییە ئاماژەیان داوە کە ئۆمێدیان بە دۆزینەوەی کار لاواز بووە.
- لە نێو سەرۆك خێزانەکاندا، 27% ئاماژەیان بەوە داوە کە لە هەفتەی بەر لە چاوپێکەوتنیان لە رووپێوەکە کاریان نەکردووە.
- زیاتر لە 40% ی دانیشتوانی تەمەن 15 بۆ 64 ساڵی هەرێمی کوردستان بەشی چالاکی هێزی کار پێکدێنن. نزیکەی نیوەی دانیشتوانی کارکەر لە کەرتی حکومیدا کار دەکەن.
- داتاکە بە گشتی نیشان دەدات کە قەبارەی خێزان لە هەرێمی کوردستان بریتییە لە 5.1 ئەندام.
- 35% ی دانیشتوان لە خوار تەمەنی 15 ساڵیدایە، 61% لە گروپی تەمەنی 15-64 ساڵیدایە کە لە رووی هێزی کارەوە چالاکن و 4% یش لە تەمەنی 65 ساڵ و سەرووترن.
- خێزانەکانی هەرێمی کوردستان لە ئێستادا ستاندەری شیاوی ژیانیان هەیە: نزیکەی هەموویان خاوەنی کەلوپەلی باوی نێوماڵن (تەلەڤزیون، چێشتلێنەری غازی یان بەفرگر)، سێ لەسەر چواری خێزانەکان خاوەنی ئەو خانووەن کە تێیدا دەژین –کە گرێدراون بە تۆری گشتیی ئاو (90%) و تۆری نیشتیمانیی کارەبا و هەروەها زێرابیان هەیە.

*******

**کلیك لێرە بکە بۆ دابەزاندی راپۆرتەکە بە زمانی ئینگلیزی:**
http://iomiraq.net/file/56475/download?token=G6lKpomn

**بۆ زانیاریی زیاتر، تکایە پەیوەندی بکە بە:**

رێکخراوی نێودەولەتیی کۆچ (IOM): ساندرا بلاك، بەرپرسی پەیوەندییەکان، مۆبایل: +964 751 234 2550؛ ئیمێل: sblack@iom.int

دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان: گوهدار محمدعلی سعید، بەرپرسی بەشی ئامارەکانی دانیشتوان و هێزی کار، تەلەفۆن: 8840 448 750 964+ ؛ ئیمێل: gohdar.mohamed@krso.gov.krd ؛ یان:
ئیمێل: contact@krso.gov.krd ؛ ماڵپەڕ: www.krso.gov.krd تەلەفۆن: 009647508963143

سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان (UNFPA): سەلوا موسا، پسپۆری پەیوەندییەکان، تەلەفۆن: 1545 740 751 964+ ؛ ئیمێل: smoussa@unfpa.org